کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18:39 13-5-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە پەراوێزی کۆنگرەی شەرم شێخ تورکیا و یەکێتی ئەوروپا بەرە و کوێ ... دڵزارحەسەن

هەڕەشەکانی کۆندالیزا رایس لە بەرامبەر وەلید موعەلیمی وەزیری دەرەوەی سوریا و باسنەکردنی



مەلەفی کەرکوك لەلایەن نوێنەری تورکیا و بێدەنگی کاربەدستانی ئێرانی و ئەمریکایەکان لە رۆژانی تێپەربوونی کۆنگرەی شەرم شێخ سەبارەت بە کێشە و ناکۆکیەکانیان لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم و چڕکردنەوەی وتاری مالیکی و بەرهەم سالّح لە نێو چوار چێوەی بەرهەنگاری تیرۆر و مەلەفی ئەمنیەوە وەك دوو مەندوب و کاربەدەستی باڵای دیاری گۆڕپانی سیاسی عێراق جێگای بایەخی هەزار و هەفت سەد میدیای جیهانی بوون کە راستە و خۆ دەنگ و باسی ناو هۆڵەکەیان دەگواستەوە.
لە دەرەوەی ئەم هاوکێشە سیاسیانەشدا هەر یەك لە تورکیا و ئێران و سوریا زۆرێك کێشە و گریمانەی هەڵواسراوی دیکەیان هەیە کە نەك بەم جۆرە کۆنگرانە بەڵکو هەزار دانیشتن و دنیایەك کۆنفرانس و گفتوگۆی دیکەش رەنگە نەتوانێت وا بەئاسانی ئەم کێشە جەزریانەیان چارەسەر بکات. هاوکات لەگەڵ تێپەرینی ئەو قەیرانانەش تورکیا بە پەرۆشەوە چاودێری لێدوان و کەیسەکەی دەکات تا لە دەرفەتێکدا خەونە ئەوروپایەکەی بێتەدی و ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. جگە لەمەش خەریکە یەکێتی ئەوروپا پێگەی خۆی لە رووی کلتوری و ئابوی و جوگرافیەوە پتە و دەکات و بە ئاشکراش رایدەگەیەنێت کە تورکیا نابێت بەئەندام لە یەکێتیەکەیاندا، ئەمەش بۆ ئەو پاشخانە دەگەڕێتەوە کە تورکیا لەژێر دوو تەنگەژەی ئالۆزکا و بەیەکتری دەژیت، ئەمیش کێشەی کوردو و ناسنامەی ئیسلامی بونیەکەیەتی. کە هیچ مومکین نییە ئەوروپایەك تازە لە قەیرانی موسڵمانە بۆسنیەکان رزگاری بووە کە وەك پەتایەك لە جەستەی ئالۆسکابوو، و لە ناوەراستی جەرگەی ئەوروپاوەش سەری دەرکردبوو، ئینجا بەدەستی خۆی زیاد لە هەفتا ملیۆن موسڵمانی دیکەی تورکیایی کە مەترسیە لەسەر خودی کلتوری مەسیحی و دیموکراسەت و عەلمانیەتی ئەوروپایی لەلایەك و مەترسیشە بۆ سەر هەڕشە و پەیوەندیە نائاساییەکانی یۆنان و قوبرسیش لەلایەکی دیکەوە کە بەهێزترین کارتن بۆ ئەوەی ئەوروپا خۆی لەمەترسیە کلتوری و سیاسی و کێشە ناوەخۆکانی وڵاتی تورکیا بپارێزێت. ئاشکراشە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا وەك کاری هەمیشەیی خۆی بە وریایەوە چاودێری سەکۆی سیاسی و ئابوریەکانی ئەوروپا دەکات بەتایبەتی لە ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. مەبەستیش لەم چاودێریە، ترسی ئەمریکایەکانە لە زۆربوونی نفوزی ئەوروپا لەم ناوچانەدا. هەڵبەتە لێدوان و ململانێیە سیاسیەکانی نێو هەڵبژاردنەکانی فەرەنساش پرسی کوردی وەك کارتێکی سەوز لە بەرامبەر وەرگرتن و وەرنەگرتنی تورکیا لەم یەکێتیەدا بەکار نەهێناوە. ئاوەژوو کردنەوەی کەیسی سیاسی کورد لە تورکیا وەك فایرۆسێکی چارەسەر بۆ نەدۆزرا و ئەمجارەیان یارمەتی دەسەڵاتی تورکیادەدات کێشە و گرفتەکانی بوونی کورد لە وڵاتەکەی ئالۆزتر بکاتەوە. رەنگە تورکیا باسنەکردنی کێشەی کەرکوکی لە کۆنگرەی شەرم شێخ وەك ئاریشەیەکی ناوەخۆی عێراقی بە دەرفەتزانیبێت بۆ ئەوەی سەرنجی ئەوروپایەکان بۆلای خۆی رابکێشێت و بواریکیش بۆ هێورکردنەوەی گری گوێرەکانی لەگەڵ دراوسێکانی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی زیاتر بێت هەم گرەوی هەڵبژاردنەکان لە ناوەخۆیدا بباتەوە هەم تەنگژەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەرە و چارەسەرێکی دیبلۆماسیانە و بەرژەوەندیەکی ئابوریانە بەرێت کە بەلای تورکیاوە وڵاتەکەی بەرفراوەنترین دەروازەی تێکەڵبوونی کلتوری و ئابوری وڵاتانی موسڵمان و ئەوروپایەکانە. رەنگە لەم نێوەندەدا ئەوروپایەکان وابەئاسانی تورکیایەکی سەر بە گێچەڵ قبوڵنەکەن و مومکینیش نییە نەخۆشیە کلتوریەکانی ئەو ناوچەیەش هەروا بەخۆرایی تێکەڵ بە جەستەیان بکەنەوە. بێگومان لە پەراوێزی سیناریۆکانی کۆنگرەی شەرم شێخ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەرفەتی زیاتر بۆ تورکیایە تا خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نزیکبکاتەوە نەك چاوەنوارِی ئەندامبوونی بکات لە یەکێتی ئەوروپادا.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆشەی "دەنگ"ی ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرتی ژمارە 199 بڵاوکراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.